# كەمینە ئیسلامیەکان و باردۆخ وهیوا وئاواتیان

## الأقليات الإسلامية ظروفها وآمالها

< kurdish - كوردی - كردي >


شێخ عبدالعزیز بن عبدالله بن باز

الشيخ عبدالعزيز بن عبدالله بن باز

وەرگێرانی: کاروان ڕەشید محی الدین
پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عزیز

الترجمة: كاروان رشيد محي الدين

المراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# کەمینە ئیسلامیەکان و باردۆخ وهیوا وئاواتیان[1]

الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام على نبينا محمد الصادق الامين، وعلى آله وصحبه أجمعين..وبعد:

خوای گەورە پێغەمبەرانی خۆی ناردوە بەئامانجی بانگهێشتی خەڵكی بۆ یەكتاپەرستی و، بەدڵسۆزی ئەنجامدانی بەندایەتی بۆ زاتی خۆیی و، ڕۆشنكردنەوەی ئەو شەریعەتەی كە ڕەزامەندی دەربڕیوە تا دەستورو یاسای مرۆڤەكان بێت و، مرۆڤ و پەرییەكانیشی لەو پێناوەدا دروست كردوە، هەروەك دەفەرموویێت: ﴿ وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنْسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴾ [الذاريات: ٥٦] [2]. هەروەها دەفەرموویێت: ﴿ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ.. ﴾ [النحل: ٣٦].[3]

وە پەروەردگار هەواڵمان دەداتێ بەوەی سزای هیچ گەلێك نادات مەگەر پاش ڕەوانەكردنی پێغەمبەری موژدەدەرو ترسێنەر بۆیان و دەفەرموویێت:

﴿ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ قَدْ جَاءَكُمْ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمْ عَلَىٰ فَتْرَةٍ مِنَ الرُّسُلِ أَنْ تَقُولُوا مَا جَاءَنَا مِنْ بَشِيرٍ وَلَا نَذِيرٍ ۖ فَقَدْ جَاءَكُمْ بَشِيرٌ وَنَذِيرٌ ۗ وَاللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴾ [المائدة: ١٩]. واتە:{ئەی نامەدارەكان بێگومان نێردراوەكەمان هات بۆ ناوتان، كە "بەرنامەی خوا" ڕوون دەكاتەوە بۆتان پاش ماوەیەك لە ناردنی پێغەمبەران لەبەرئەوەی نەڵێن نەهات بۆ لامان هیچ موژدەدەرو ترسێنەرێك، ئەوەتا بێگومان موژدەدەرو ترسێنەرتان بۆ هاتووە.}

هەروەها دەفەرموویێت: ﴿ وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولًا ﴾ [الإسراء: ١٥]. واتە: { ئێمە هەرگیز سزای"بەندەكان"نادەین، هەتا پێغەمبەریان بۆ نەنێرین.} خوای گەورە پێغەمبەریشی ﷺ دوای ماوەیەك لە ناردنی پێغەمبەران ڕەوانە كرد، ئەو كاتێك هات كە زەوی پڕی بوو لە ستەم و چەوساندنەوە، ئەو لە كاتێكدا هات سەرپێچی كردنی خوای پەروەردگار زاڵ ببو بەسەر فەرمانبەرداری پەروەردگاردا، خوا ئەوی وەك گەیەنەری پەیامەكەیی و موژدەدەرو ترسێنەر ڕەوانە كرد بۆ لای مرۆڤ و پەری و، عەجەم و عەرەب و، پەیامەكەی پەروەردگاری پێ گەیاندن و، هەق و ڕاستی بۆ ڕون كردنەوەو بۆ شوێنكەوتنی بانگهێشتی دەكردن، لەو پێناوەدا وەڤدو نوێنەرو نامەی تایبەتی خۆی ڕەوانەی گەورەو سەرۆك و پاشاكان دەكردو بانگهێشتی دەكردن و داوای موسڵمان بونی لێ دەكردن، ئەمە لەو پێناوەدا بوو هەتا بەڵگە بەدەست ئەو كەسانەوە نەمێنێت كە ئینكاری و سەرپێچی دەكەن: ﴿ قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا الَّذِي لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ۖ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ يُحْيِي وَيُمِيتُ ۖ فَآمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ النَّبِيِّ الْأُمِّيِّ الَّذِي يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَكَلِمَاتِهِ وَاتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ ﴾ [الأعراف: ١٥٨].[4]

خوای گەورە شەریعەت و بەرنامەكەی پێغەمبەری خوای ﷺ كردوەتە كۆتا پەیام و بەرنامەی ئاسمانی بۆ گرۆهی مرۆڤایەتی، چونكە ئەم شەریعەت و بەرنامەیە پەیامێكی كامڵ و تەواو و گشتگیرو گونجاوە لەگەڵ ژیانی دونیایی و دوارۆژی خەڵكیدا، پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ بۆ هەموو چاكەیەك خەڵكی بانگ كردوەو لە شەڕو خراپەش هۆشداری داونەتێ، وەك دەفەرموویێت: **{تركتم على المحجة البيضاء ليلها كنهارها لا يزيغ عنها إلا هالك}**[5]. واتە: بۆم بەجێهێشتون ئەم ئاینە لەسەر شتێكی زۆر سپی، شەوی وەك ڕۆژەو كەس لێی لانادات، مەگەر خۆی تیاچون هەڵبژێرێت.هەروەها لە فەرموودەیەكی دیكەدا دەفەرموویێت: **{ما بعث الله من نبي إلا كان حقا عليه**

[1] مجموع فتاوى ومقالات المتنوعة (379-370/2).

[2] لە پێشەوە ئاماژە بە تەفسیرەكەی كراوە.

[3] لە پێشەوە ئاماژە بە تەفسیرەكەی كراوە.

[4] لە پێشەوە ئاماژە بە تەفسیرەكەی كراوە.

[5] أخرجه أحمد (16692)، وابن ماجة: في المقدمة، باب اتباع السنة الخلفاء الراشدين المهديين، رقم (44).

**{أن يدل أمته على خير ما يعلمه لهم، وينذرهم شر ما يعلمه لهم}**[1]. واتە: خوای گەورە هیچ پێغەمبەرێك ڕەوانە ناكات، مەگەر لەسەری واجب دەكات كە ڕێنمونی گەلەكەی بكات لەسەر چاكە ئەوەی كە بە نیگا پێی گەیەنراوەو، لەشەڕو خراپەش ئاگاداریان دەكاتەوە، هەر بەهۆی نیگای خواوە.

هەروەها لە فەرمودەیەكی دیكەدا دەفەرمووێت: **{تركت فيكم أمرين لن تضلوا أبدا ما تمسكتم بهما: كتاب الله وسنتي}**[2]. واتە: دوو شتم بۆ بەجێ هێشتون ئەگەر دەستیان پێوە بگرن، هیچ كات گومڕا نابن، ئەوانیش: قورئان و فەرمودەو سوننەتەكانمن. لە قورئانی پیرۆزدا پەروەردگار فەرمانی پێكردوین خەڵكی بانگ بكەین بۆ لای ئاینەكەی، ئەو ئاینەی پەروەردگار لە كەسی قبوڵ ناكات جگە لەو بكاتە بەرنامەی ژیانی، وەك دەفەرمووێت: ﴿ ادْعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ ۖ وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ ۚ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنْ ضَلَّ عَنْ سَبِيلِهِ ۖ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ ﴾ [النحل: ١٢٥].[3] . هەروەها دەفەرمووێت: ﴿ إِنَّ الدِّينَ عِنْدَ اللَّهِ الْإِسْلَامُ ﴾ [آل عمران: ١٩]. [4] .

لە شوێنێكی دیكەشدا: ﴿ وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ ﴾ [آل عمران: ٨٥]. واتە: {هەركەسێك دوای ئاینێكی تر بكەوێت جگە لە ئاینی ئیسلام، ئەوە لێی وەرناگیرێت و لە ڕۆژی دوایی دا لە زەرەرمەندانە.} وە لە سوننەتی پێغەمبەری خواشدا ﷺ زۆر پێداگری لەسەر دەعوەو بانگەواز كراوەو، ئەو ئەركانەش ڕۆشنكراونەتەوە كە لەسەر موسڵمانە بەرامبەر ئاینی خوا جێبەجێیان بكات و، ئەمە بەهەمان شێوازیشە بۆ هەموو خەڵكی و، ئەمانەتێكی گرنگەو گەیاندنی بە پلەی یەكەم دەكەوێتە ئەستۆی ئەهلی عیلم و ناشتوانن گەردنی خۆیان لە بەرامبەر مافی برا موسڵمانەكانیان جگە لەوانیش ئازاد بكەن، تەنها بەڕۆشنكردنەوەی ئاینی خواو ئامۆژگاری كردنیان نەبێت، پێغەمبەری خوا ﷺ لەم بارەوە دەفەرمووێت: **{المؤمن للمؤمن كالبنيان يشد بعضه بعضا}**[5] وشبك بين أصابعه. هەروەها دەفەرمووێت: **{مثل المؤمنين في توادهم وتراحمهم وتعاطفهم كمثل الجسد إذا اشتكى منه عضو تداعى له سائر الجسد بالسهر والحمى}**[6].

لە فەرمودەیەكی دیكەشدا دەفەرمووێت: **{من دل على خير فله مثل أجر فاعله}**[7]. واتە: هەركەسێك یەكێك بۆ كاری چاكە ڕێنمایی بكات، ئەوە هاوشێوەی ئەوەی چاكەكەی ئەنجامداوە پاداشت بۆ ڕێنیشاندەرەكەش هەیە. لە سەحیحی بوخاری و موسلیمدا هاتووە: كاتێك پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ ئیمام عەلی ڕەوانەی لای جولەكەكانی خەیبەر كرد بە ئامانجی ڕۆشنكردنەوەی هەق و بانگ كردنیان بۆ ئیسلام پێی فەرموو: **{فوالله لأن يهدي الله بك رجلا واحدا خير لك من حمر النعم}**[8]. موسڵمانان لەهەر سەردەم و كاتێكدابن لەسەریان پێویستە ئامۆژگاری یەكتری بكەن و، هاوكاری یەكدی لەسەر چاكەو تەقوا بكەن و ئامۆژگاری یەكتریش لەسەر پەیوەست بەهەق و ئارامگری بكەن و، دەعوەو بانگەوازی غەیری خۆیان بكەن بەرەو ئاینی ئیسلام، خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿ وَالْعَصْرِ. إِنَّ الإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ. إِلاَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ ﴾ [العصر: ١ – ٣].[9]. هەروەها دەفەرمووێت:﴿ وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ..﴾[المائدة:2].[10].وە پێغەمبەر ﷺ لەفەرمودەیەكدا دەفەرمووێت: **{الدين النصيحة، الدين النصيحة، الدين النصيحة}، قالوا: لمن يا رسول الله؟ قال: {لله ولكتابه ولرسوله ولأئمة المسلمين و عامتهم}**[11].

---

[1] أخرجه مسلم في صحيحه: كتاب الإمارة، باب وجوب الوفاء ببيعة الخلفاء، رقم (1844).
[2] أخرجه الحاكم في المستدرك (172/1)، والدارقطني في السنن (254/4).
[3] لە پێشەوە ئاماژە بە تەفسیرەكەی كراوە.
[4] لە پێشەوە ئاماژە بە تەفسیرەكەی كراوە.
[5] رواه البخاري، سبق تخريجه. لە پێشەوە ئاماژە بە ماناكەی كراوە.
[6] متفق عليه، سبق تخريجه. لە پێشەوە ئاماژە بە ماناكەی كراوە.
[7] أخرجه مسلم في صحيحه، سبق تخريجه.
[8] سبق تخريجه. لە پێشەوە ئاماژە بە ماناكەی كراوە.
[9] لە پێشەوە ئاماژە بە تەفسیرەكەی كراوە.
[10] لە پێشەوە ئاماژە بە تەفسیرەكەی كراوە.
[11] متفق عليه، سبق تخريجه. لە پێشەوە ئاماژە بە ماناكەی كراوە.

لەسەر موسڵمان پێویستە گوێ ڕایەڵی فەرمانەکانی خواو پێغەمبەر ﷺ بێت و، ئامۆژگاری بەندەکان بکات؟ چونکە لەمەدا سەرفرازی دونیاو دواڕۆژ هەیەو، عیزەت و شکۆی موسڵمانان بەمە نەبێت بەرجەستە نابێت، هەروەك بەم شێوەیە وشەی خوا بەرزو بڵند دەبێت و موسڵمانانیش بەسەر بێباوەڕاندا سەردەخات تەنانەت ئەگەر ژمارەی دوژمنانیش زۆر بێت و هاوکاری یەکتریش بکەن، وەك پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿ وَإِنَّ جُندَنَا لَهُمُ الْغَالِبُونَ ﴾ [الصافات: ١٧٣]. واتە: {ئاشکرایە هەر سەربازانی ئێمە سەردەکەون.} هەروەها دەفەرمووێت: ﴿وَلِلَّهِ الْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِ وَلِلْمُؤْمِنِينَ﴾ [المنافقون: ٨]. واتە: {ڕێزو گەورەیی تەنها بۆ خواو بۆ پێغەمبەری خواو ﷺ باوەڕدارانەو} بێگومان گوێمان لێ بووەو بە هەواڵیش بارودۆخی موسڵمانانمان بینیوە لەو کۆمەڵگایانەی زۆرینەی دانیشتوانەکەی ناموسڵمانن، ئەوەی کە بەسەریاندا دێت لە زاڵبونی دوژمنان بەسەریانداو تەسککردنەوەی ئازادییەکانیان لە چۆنیەتی جێبەجێکردنی دروشمە ئاینیەکانیانداو، هەوڵدانی دوژمنان بۆ دورخستنەوەیان لە ئیسلام ئیدی بە زۆر بێت یان بەڕێگای دیکە، داوا لە خوای پەروەردگار دەکەم ئەوان و سەرجەمی موسڵمانان دامەزراو بکات لەسەر ئیسلام و، لە مەکری دوژمنان پارێزراویان بکات. گومانی تێدا نیە ئەوان لە یەك لە سەنگەرە گرنگەکانی ئیسلامدان، بارودۆخی ئەوان پێویستی بە هاوکاری و سەرخستن هەیە بە تایبەت لەڕووی سیاسییەوە، ئەمەش تایبەتە بەحکومەتە ئیسلامیەکانەوە لە عەرەب و جگە لەوانیش کە بە پەرۆشەوەن بۆ ئاینی ئیسلام، وە پەیوەندییان لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا هەیە کە بەو شێوازە مامەڵە لەگەڵ موسڵماناندا دەکەن، دەتوانن بە ناردنی نوێنەرو نامە بەدواداچون بکەن و دەتوانن لەڕێی نوێنەرایەتی وڵاتەکانیانەوە کار لەسەر ئەو کێشانە بکەن و، جگە لەمانەش دەتوانن هەموو ئەو هۆکارانەی تریش بەکاربهێنن بەهۆیانەوە دەتوانن یارمەتی براکانیان بدەن لەو وڵاتانەی کە کەمینەی موسڵمانیان تیادا دەژین، ورەیان بەرز بکەنەوەو، ئەو هەستە لای برا ژێر دەستەکانیان دروست بکەن بەوەی ئەوان برایانن لە عەقیدەداو گرنگی بە کاروبارەکانیان دەدەن و، بەدواداچون بۆ خەم و پەژارەیان دەکەن و..

پشت بەخوای گەورە بەزوویی زوڵم و ستەم لەسەر موسڵمانان لادەچێت، کاتێك ئەو دەوڵەتانە هەست بەوە دەکەن کە چەندین دەوڵەتی ئیسلامی خەمی ئەو کەمینە موسڵمانانە دەخۆن و لە ئازارو ژانەکانیان تێ دەگەن و، گرنگی بە کاروبارەکانیان دەدەن و، لە بەرامبەردا مل بۆ داواکانیان دەدەن و دەست لە چەوساندنەوەیان هەڵدەگرن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی زۆرینەی ئەو دەوڵەتانە لە کاروباری ئابوری و ..پێویستی زۆریان بە وڵاتانی ئیسلامی هەیە. گومان لەوەدا نیە کەمینە موسڵمانەکان لە هەموو شوێنێکدا پێویستیان بە هاوکاری مادی و مەعنەوی هەیە لەدروستکردنی بینای مزگەوت و قوتابخانەو..، جگە لەمانەش پێویستیان بە هەموو ئەو شتانەی دیکەش هەیە کە لە کاروباری ئیسلامیدا دەست باریان دەگرێت، لەم ڕوانگەوە لەسەر هەموو موسڵمانێك پێویستە بەپێی توانای خۆی یارمەتییان بدات و، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە بانگخوازیان بۆ ڕەوانە بکرێت بە ئامانجی ئەوەی عەقیدەیەکی ڕاست و دروست و زمانی عەرەبییان فێربکرێت؟ چونکە زۆرینەیان لە کاروبارە ئاینیەکانیان ناشارەزان. هەر بەم بۆنەیەوە پێم خۆشە ئاماژە بەوە بکەم سەرۆکایەتی گشتی بۆ توێژینەوەی زانستی و فەتواو بانگەوازو ڕێنمایی هەوڵێکی زۆری داوە لە وڵاتانی ئیسلامیداو ئەو وڵاتانەیشی کە کەمینەی موسڵمانی تێدایەو، لەمەشدا ڕابیتەی ئیسلامی جیهانی و هەندێك دەوڵەت و دامەزراوەی ئیسلامی لەو ڕووەوە بەشدارییان کردوە.

داوا لە خوای گەورە دەکەم ئەم هەوڵ و کۆششانە سودیان پێ بگەیەنێت و لەبەرخاتری خۆی ئەنجاممان دابێت و، ئەو کەسانەش بۆ ڕەزامەندی خۆی سەرکەوتوو بکات کە بەم ئەرکانە هەستاون.

هەروەك سەرۆکایەتی گشتی بۆ توێژینەوەی زانستی و فەتواو بانگەوازو ڕێنمایی هەستاوە بەبڵاوکردنەوەی پەیامی ئیسلام لە هەریەکە لە ئەفریقاو ئەوروپاو، ئەمریکاو ئاسیاو ئوستراڵیادا، ئەمەش بە ئامانجی گەیاندنی وشەی هەق بە خەڵکی لە ڕێگەی دابەشکردنی قورئان و کتێب بە یارمەتی و لەڕێگەی بانگخوازانی ئیسلامەوەو، هەموو ئەوەیشی کە پێی هەڵدەستن لە وتارو وانەو چاوپێکەوتن و پەیوەندی کردن لەگەڵ هەموو چین و توێژەکان و، ڕۆشنبیرییە جیاوازەکان و، لەو چوارچێوەیەشدا مزگەوت و قوتابخانەو کۆمەڵەو دامەزراوە ئیسلامیەکان هاوکاری دەکەن و، بەشدار دەبن لە بنیات نان و دروست کردنیانداو، ئەمەش بە هاوکاری ئەو بانگخوازانە دەبێت کە لە سەرتاسەری جیهاندا بڵاوبونەتەوە.

ئەمە جگە لەوەی سەرۆکایەتی گشتی بۆ توێژینەوەی زانستی و فەتواو بانگەوازو ڕێنمایی تەنها لە ئەفریقادا چالاکی لە نزیکەی پەنجا وڵاتدا هەیەو، سەرباری هەبونی زیاتر لە هەزار بانگخواز لەو وڵاتانەدا کە سەرقاڵی گەیاندن و بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلامن و، لە مزگەوت و کۆڕو کۆبونەوەو بۆنە جیاوازەکاندا خەڵکی بەرەو ئیسلام بانگهێشت دەکەن، هەروەها لە ڕێگەی وانە وتنەوەو ئامۆژگاری و ڕێنماییەوە خەڵکی بەرەو ڕێگای ڕاست و عەقیدەیەکی ڕاست و دروست ئاڕاستە دەکەن، ئەو عەقیدەیەی کە پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ بە ئوممەتەکەی گەیاندوەو، چینی یەکەم و هەڵبژاردەی ئەم ئوممەتەش لەسەر هەمان ڕێڕەو ڕۆیشتن.

خوای گەورە لەسەر دەستی ئەو بانگخوازانە سودێکی زۆری بەخەڵکی گەیاندو، سوپاس بۆ خوا هەوڵ و کارو چالاکیەکانییشیان دیارو ڕون و ئاشکران و، لەسەر دەستیان خەڵکێکی زۆر موسڵمان بوون لەوانەی پەروەردگار مەبەستی بوە هیدایەت وەربگرن.

سەبارەت بە ئەمریکاو ئەوروپاو ئوستڕالیاش، سەرۆکایەتی ڕێکخراوی ناوبراو لەچوارچێوەی هەوڵ و کۆششە بەردەوامەکانیدا، هەوڵێکی دیکەی خستە گەڕو دەستی کرد بە ناردنی چەندین وەفدو نوێنەر، بە ئامانجی شارەزابون لە ژیان و گوزەرانی ئەو کەمینە موسڵمانانەو، بەهێزکردنی کارەکانیان و، زانینی ئەو گۆڕانکاریانەی لە کاروبارەکانیاندا ڕوویانداوەو دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ ئەو کێشانەی ڕووبەڕوویان دەبنەوەو، ئاشکراکردنی ئەو کەم و کورتیانەی کە لە کاری ئیسلامیدا هەیانە.

وە ژمارەیەکی زۆر بانگخوازو مامۆستا ڕەوانەی ئەو وڵاتانە دەکرێن کە کەمینەی موسڵمانیان تێدا نیشتەجێن و، هاوکاری مادی و مەعنەوی کۆمەڵەو ناوەندە ئیسلامیەکان دەکرێت بۆ دروستکردنی بینای دامەزراوەکانیان و لەگەڵ بەخشینی کتێب و سەرچاوەی هەمە جۆری زانستی و، ئامۆژگاری و ڕێنمایی کردنیان، بەئومێدی ئەوەی سودیان لێ وەربگرن. سەبارەت بەئەمریکا سەرۆکایەتی هەمان ڕێکخراو هەستاوە بە دەستەبەرکردنی ژمارەیەك لەبانگخوازان بۆ ئەو شارانەی کەمینەی موسڵمانیان تیادا نیشتەجێن، ئەمەش بەئامانجی بڵاوکردنەوەی بانگەوازی ئیسلامی لەسەر ئەو بنەما ڕاست و دروستەی پێشینە چاکەکانمان لە پێغەمبەری خۆشەویستیان ﷺ وەرگرتووەو وەرگرتنی عەقیدەی ئیسلامی لە ڕوانگەی تێگەیشتنی تایبەتی هاوەڵانەوە.

وە چەندین نوسینگەو سەرپەرشتیار بونیان هەیە بەئامانجی بەدواداچونی کاری بانگخوازەکان و، دابەشکردنیان لەسەر بنەمای ئاستی پێویستی شارەکان و، لێکۆڵینەوە سەبارەت بەوەی لە بەرژەوەندیدایە بۆ یارمەتیدانی ئەو کۆمەڵە ئیسلامییە ناسراوانەی بەئاشتی ناسراون، ئەمەش پاش دڵنیابونیان دێت لە ڕادەی پێویستبونیان بە کتێبە ئیسلامییەکان، هەروەها دابینکردنی دەفتەرو تیانوس بۆ دامەزراوە فێرکاریەکان و پاڵپشتی کردنیان، وە هەڵدەستن بە بەشداری کردن لە تەواوکردنی پرۆژەکانیانداو ئەمەش بەخێر بۆ دونیاو دواڕۆژی موسڵمانان دەگەڕێتەوە، وەك بەشداری کردن لە بنیاتنانی مزگەوتەکانداو پێشکەش کردنی قورئانی پیرۆز بەو مزگەوتانەو، پتەوکردنی دامەزراوە ئیسلامییەکان بۆ دڵنیابون لە پارێزراوی ئەو کەسانەی لەو شوێنانەدا بەڕاستگۆییەوە خەریکی هەوڵ و کۆششن، ئەمەش بە بەخشینی ڕێنمایی تایبەت دەبێت بەو کەسانەی حەز بەخێرو چاکە دەکەن بەئاراستەی یارمەتیدانیان لە کارە خێرخوازیەکەیانداو، ناردنی نوێنەران لە سەرۆکایەتییەوە بە ئامانجی گەڕان و بەدواداچون دەربارەی بارودۆخی کەمینەکان و زانینی پێداویستیەکانیان. هەموو ئەوانەی باسمان کردن لە کاروبارەکانی سەرۆکایەتی "گشتی بۆ توێژینەوەو فەتواو بانگەوازو ڕێنمایی" لە یارمەتیدانی کۆمەڵەو ناوەندە ئیسلامیە خێرخوازیەکان و، ناردنی بانگخوازان و...سەرجەمیان بە هاوکاری و یارمەتی پەروەردگارو پاشان بە یارمەتی حکومەتە مەزنەکەمانە.

بەم بۆنەیەوەو لەم کۆڕەدا کە نەدوەی لاوانی جیهانی بۆ باسکردنی بارودۆخی کەمینە ئیسلامیەکان سازیان کردوە، ئامۆژگاری برا بانگخوازەکان دەکەم بەوەی کە لە خوای پەروەردگار بترسن و، بە دڵسۆزییەوە کار بکەن لەپێناو گەیاندنی ئەم ئاینەدا بەشێوەیەکی ئاوێتەکراو بەوەی کە لە قورئاندا هاتوە، دڵنیاییان دەدەمێ پەیامەکەی خوا بەتاڵ ڕووی تێ ناکات نە لە ئێستاو نە لە دواڕۆژدا چونکە ئەو قورئانە لەلایەن خوای کاردروستی ستایشکراوەوە نێردراوەتە خوارەوە، لە بارەی پلەوپایەی بانگەوازو ڕەوشتی بانگخوازان پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِمَّنْ دَعَا إِلَى اللَّهِ وَعَمِلَ صَالِحًا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ الْمُسْلِمِينَ﴾ [فصلت: ٣٣] [1]. هەروەها دەفەرمووێت: ﴿قُلْ هَٰذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ ۚ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي ۖ وَسُبْحَانَ اللَّهِ وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ﴾ [يوسف: ١٠٨].[2]. هەروەها: ﴿ادْعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ ۖ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ ۚ﴾ [النحل: ١٢٥] [3]. لە فەرموودەیەکی سەحیحیشدا لە پێغەمبەری خواوە ﷺ جێگیر بووە کە فەرمویەتی: {من دل على خير فله مثل أجر فاعله}[4]. هەروەك کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ عەلی ڕەوانەی خەیبەر کرد پێی فەرموو:{فو الله لأن يهدى الله بك رجلا واحدا خير لك من حمر النعم }[5].

---

[1] لە پێشەوە ئاماژە بە تەفسیرەکەی کراوە.

[2] لە پێشەوە ئاماژە بە تەفسیرەکەی کراوە.

[3] لە پێشەوە ئاماژە بە تەفسیرەکەی کراوە.

[4] سبق تخريجه. لە پێشەوە ئاماژە بە ماناکەی کراوە.

[5] سبق تخريجه. لە پێشەوە ئاماژە بە ماناکەی کراوە.

ئامۆژگاریم بۆ برا موسڵمانەکانم کە کەمینەی ئیسلامین ئەوەیە تەقوای خوایان هەبێت و لە ئاینەکەیاندا خۆیان شارەزا بکەن، سەبارەت بەو کێشانەی بۆیان پێش دێن پرسیار لە ئەهلی عیلم بکەن و، بە پەرۆشییەوە هەوڵی فێربونی زمانی عەرەبی بدەن، ئەمەش یارمەتیدەریان دەبێت بۆ تێگەیشتن لە قورئان و سوننەتی پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ، لە پێشەوەی ئەمانەشدا گرنگی بەقورئان بدەن چ وەك تێگەیشتن لێیی و چ وەك کار پێ کردنی هەروەك لە فەرمودەیەکی سەحیحدا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: **{خيركم من تعلم القرآن وعلمه}**[1]. واتە: چاکترینتان ئەو کەسەیە قورئان فێر دەبێت و خەڵکانی دیکەش فێر دەکات.

پاش ئەمەش بەپلەی دووەم گرنگی بدرێت بە خوێندنەوەی کتێبە باوەڕپێکراو و ناسراوەکانی فەرمودەو، جگە لەوانیش لە کتێبی فیقهو عەقیدە کە باوەڕپێکراوبن لەلای ئەهلی سوننەت و جەماعە، هەموو ئەمانەش باسمان کردن پێویستە لە زانایانی ناسراو بە چاکەخوازی و ترسان لە خواو عەقیدە پاك و زانستی ڕاستەوە وەربگیرێت.

لەسەر ئەو زانایانەش پێویستە لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا دەژین کە موسڵمانان تیایاندا کەمینەن چالاکییان لە بواری دەعوەو بانگەوازدا هەبێت لەنێوان خۆیان و کەسانی دیکەشدا، لەم بارەوە چاوەڕوانی پاداشت لە پەروەردگاریانەوە وەربگرن.

ئەم هەموو کارانەش لەپێناو گرنگترین و گەورەترینی کارەکاندایە کە لە پێشەوەو لەفەرمایشتەکەی پەروەردگاردا ئاماژەمان پێی کرد کە دەفەرمووێت: ﴿ وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِمَّنْ دَعَا إِلَى اللهِ وَعَمِلَ صَالِحًا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ الْمُسْلِمِينَ ﴾ [فصلت: ٣٣] [2]. لەسەر زانایانی ئیسلامیش پێویستە ئەم ئاینە بگەیەنن بە دەوروپشتی خۆیان لە گەل و نەتەوەو ئوممەتانی دیکە، چونکە ئاینی ئیسلام گشتگیرە بۆ هەموو خەڵکی، خوای پەروەردگار دەفەرمووێت: ﴿ قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا ﴾ [الأعراف: ١٥٨].[3]. چونکە ئەو جۆرە کۆمەڵگایانە زۆر زیاتر پێویستیان بە ئاینی ئیسلام هەیەو، لەوێدا بانگکردنی خەڵکی بەرەو لای خوا پاداشتی گەورەی تیادایە بۆ ئەو کەسانە ئەگەر ببنە هۆکاری موسڵمانبونی ئەو خەڵکانەو ڕێنمایی کردنیان بۆ ئەو کاروبارانەی ئاینی ئیسلام کە لەلایان شاراوەن، هەروەك لە پێشەوە ئاماژەمان بە فەرمودەی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ ئیمام عەلی کرد وەك دەفەرمووێت: **{فوالله لأن يهدي الله بك رجلا واحدا خير لك من حمر النعم}**[4].

پشتیوان بەخوا ئەم دەعوەو بانگەوازە هۆکارە بۆ هاتنی خەڵکی بەشێوەی پۆل پۆل بۆ ناو ئاینی ئیسلام و، کەمبونەوەی ژمارەی بێباوەڕان و، سەرکەوتنیش بۆ موسڵمانان دەبێت، ئەگەریش موسڵمانان لەو جۆرە وڵاتانەدا نەیانتوانی هەستن بەبڵاوکردنەوەی بانگەوازی ئیسلامی ئەوە لەسەریان پێویستە خۆیان بە ئاین و ڕەوشتە ئیسلامییەکان برازێننەوە؟ چونکە لە ڕاستیدا ئەوەش دەعوەو بانگەوازە بەکردارو، وە لەلای خاوەن ژیرییە ڕاستەقینەکان ئەم جۆرە ڕەوشتانە خۆشەویستن و، زۆرینەی خەڵکی کاریگەر دەبن بەو ڕەوشتە بەرزو پەسەندانە، چونکە ئاینی پیرۆزی ئیسلام بەهۆی ڕەوشتی جوانی بازرگانە موسڵمانەکانەوە چوەتە ناوچەکانی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاوە.

هەرکاتێك موسڵمان توانای دەرخستن و سەرخستنی ئاینەکەی نەبوو لەو وڵاتەی کە تیایدا نیشتەجێیەو ئەگەر لە ئاین و شەرەف و سامانەکەی دڵنیا نەبێت، ئەوە لەسەری پێویستە کۆچ بکات بەرەو شوێنێکی ئارام و دڵنیا، بەشێوەیەك توانای ئەوەی هەبێت تیایدا دروشمە ئاینییەکانی خۆی بەبێ ترس و بە ئازادانە جێبەجێ بکات و ئەگەر توانی ئەمە ئەنجام بدات، ئەوە لەسەری پێویستە کار بەو ئایەت و فەرمودانە بکات کە لەو بارەوە هاتوون. داوا لەخوای پەروەردگار دەکەم ئێمەو ئێوەو هەموو بەشداربوانی ئەم گۆنگرەیە سەرکەوتوو بکات و پتەوی و دڵسۆزی لە نییەت و کردەوەدا بە هەموان ببەخشێت.

وصلى الله على نبينا وسيدنا محمد بن عبدالله وعلى آله وأصحابه وأتباعه بإحسان الى يوم الدين.

---

(1) أخرجه البخاري: كتاب فضائل القرآن، باب خيركم من تعلم القرآن وعلمه، رقم (5027).

(2) لە پێشەوە ئاماژە بە تەفسیرەکەی کراوە.

(3) لە پێشەوە ئاماژە بە تەفسیرەکەی کراوە.

(4) سبق تخريجه. لە پێشەوە ئاماژە بە ماناکەی کراوە.